# هێشتا کوردستان خێری تێدا ماوە !
# بۆ ئیدریسی حاجی سەعید لە تەلەفزیۆنی کەرکووک

**عەلی مەحمود محەمەد**

لەم ماوانەدا کاتێك بەڕێزان عارف قوربانی و ستران عەبدوڵڵە سەردانی هۆڵەندایان کرد , لەگەڵ کاك سەردار عەبدواڵڵە هەموو پێکەوە سەفەرێکی شاری ئەمستردامامان کرد , عارف وتی : ئیدریس حاجی سەعید داوای تیشێتێکی لێم کردووە وێنەی گیڤارای لەسەر بێت , بەم قسەیە مەعنەویاتی چەپێتیم بەرز بووەوە و ماوەیەك باش گفت و گۆی گەرممان دەست پێکرد لەسەر کولتوری گیڤارا و ئەمەریکای لاتین و گیڤاراییەکانی و ئەو وڵاتانەی لە هەڵبژاردنەکان تیایدا سەرکەوتن .

ئەمە یەکەمجار بوو ببینم کەسێك لە کوردستانەوە , داوای وێنەی گیڤارا بکات لە هاندەران , لە جیاتی دۆلار , کامیرا , بۆن و بەرامەو و بەرگ.... , وێنەی گیڤارا داواکاری و حەزی یەکەمی بێت , ئەو ڕۆژانە نەما هەموو وێنەی داس و چەکوج بە کاسکێتەکەیانەوە بوو , ئەوانەی ئەمڕۆ کاسکێتەکەی مارێنز لەسەر دەنێن , دوێنێ کۆپی گیڤارا و ماو بوون لە کوردستان , ئێمە گەلێکین ئەوەمان خراپە هەموو پێکەوە یەك جۆر کاسکێت لەسەر دەنێین .

منیش ترسم لەوە نەبوو داکارییەکەی ئیدریس لە شاری ئەمستردام دەست نەکەوێت , بەڵکە لە بچوکترین شاری ئەورووپاش بە دەست هێنانی مسۆگەرە , ئاخر گیڤارا نەبوایا هەر کەسایەتتیەکی دیکە بوایە ترسی ئەوەم هەبوو , چونکە کێ هەیە وێنەی بەو بەرفراوانییە خرابێتە سەر تیشێت بە ئەندازەی گیڤارا , کوڕان و کچان بەو بەرفراوانییە لەبەری بکەن , چونکە کەم شەقام هەیە پێیدا ڕێ بکەیت کەسێکت تووش نەبێت وێنەیەکی گیڤارا لەسەر تیشێتەکەی یان بە قەد جانتاکەیەوە نەبێت , هەموو دەم لە هەموو جێگەیەك لە سیاسەتەوە بۆ ناو سەماخانەو گازینۆکان گیڤارا ئامادەیە .

ڕاستە ئەمڕۆ لە کوردستان کاسکێتەکەی گیڤارا ڕەونەقی جارانی نەماوە , لە جیاتی یەکسانییەکەی ئەو , کولتووری تێکۆشان لە پێناو دەسکەوت لە کۆمەڵدا زاڵە , لە بری ئەوەی بە سۆسیالیزم یەکسانی بەدەست بهێنین , ئەوان بە گەندەڵی یەکسانی لە نێوان خۆیان دابین دەکەن , یەکسانی بۆ گەڕەکەکانی فیرعەوناوە و دۆلاراوە .

بەڵام خەونە گەورەکەی گیڤارا هێشتا بە زیندویی لە دڵی خەڵکانی دڵسۆزی وەك ئیدریس و ئیدریسییەکان لە کوردستان ماوە , تاکو ئێستاش خەون بە یەکسانیی مرۆڤەوە دەبینن , ئێمەش چاوەڕوانی گەیشتنین پێی , ئەو ڕۆژەش هەر دێت ئیدریس و ئیدریسییەکان و هەموو ئەوانەی خەون بە یەکسانی مرۆڤەوە دەبینن بڵێن ئەمە گوڵ هەر لێرە سەمای بۆ بکە .